# من ئاين وئەمانەت وكۆتا كردەوەكانت بە خودا دەسپێرم

لە ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- بەو پیاوەی دەووت کە دەیویست سەفەر بکات: لێم نزیک بەرەوە بۆ ئەوەی ماڵئاواییت لێبکەم هەر بەو شێوەیەی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ماڵئاوایی لە ئێمە دەکرد، ودەیفەرموو: «أَسْتَوْدِعُ الله دِينَكَ، وَأَمَانَتَكَ، وَخَوَاتِيمَ عَمَلِكَ» واتە: «من ئاین وئەمانەت وکۆتا کردەوەکانت بە خودا دەسپێرم». ولە عبداللەی کوڕی یەزیدی خەتمیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ئەگەر بیویستایە ماڵئاوایی لە سوپا بکات، دەیفەرموو: «أَسْتَودِعُ الله دِينَكُم، وَأَمَانَتَكُم، وخَوَاتِيمَ أَعْمَالِكُم» واتە: «من ئاین وئەمانت وکۆتا کردەوەکانتان بە خودا دەسپێرم».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- بەو پیاوەی دەووت کە دەیویست سەفەر بکات: لێم نزیک بەرەوە بۆ ئەوەی ماڵئاواییت لێبکەم هەر بەو شێوەیەی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ماڵئاوایی لە ئێمە دەکرد، ئەمەش پابەندی هاوەڵان ڕووندەکاتەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- بە سونەتی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، ولە هەندێک گێڕانەوەدا هاتووە: (كان إذا ودَّعَ رجلًا أخذَ بيدِه ، فلا يَدَعُها حتَّى يكونَ الرَّجلُ هوَ الَّذي يَدَعُ يدَه) واتە: (ئەگەر پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ماڵئاوایی -خودا حافیزی- لە پیاوێک بکردایە؛ ئەوا دەستی بەرنەدەدا -لە گرتنی وتەوقەکردنی- هەتاوەکو پیاوەکە دەستی ئەوی بەردەدا)، وئەمیش بۆ نیشاندانی ڕێز وخۆشەویستی وڕەحمەت بە کەسی بەرامبەر. وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە ئەو کەسەی دەفەرموو کە ماڵئاوایی لێدەکرد: (أَسْتَوْدِعُ الله دِينَكَ : من ئاینەکەت -دینداریت- بە خودا دەسپێرم): واتا داوا لە خودا دەکەم کە دینداریت بپارێزێت وتووشی گومڕایی نەبیت لە دینەکەتدا. (وَأَمَانَتَكَ : وئەمانەتی تۆ بە خودا دەسپێرم): واتا داوا لە خودا دەکەم ئەمانەتەکەت -سپاردەکەت- بپارێزێت وئەمیش گشتییە وهەموو شتێک دەگرێتەوە لە مافەکانی خەڵکی ومافەکانی خودا لە ئەرکە شەرعییەکان، وبێگومان لە سەفەردا مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات بە وەرگرتن وپێدان وهەڵسوکەوت کردن، بۆیە داوای لە خودا کرد کە ئەمانەتەکەی بپارێزێت وبە دووری بگرێت لە خیانەت کردن، بۆئەوەی بە پارێزراوی بگەڕێتەوە بۆ نێو خێزانەکەی وسەلامەت بێت لەو شتانەی زیانی پێدەگەیەنێت لە دینەکەی ولە دونیادا. وئەمیش لە سونەتی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بوو ئەگەر بیویستایە ماڵئاوایی لە کۆمەڵێک بکات کە دەیانەوێت دەربچن بۆ جەنگان لە پێناوی خودا ئەم نزا گشتگیرەی بۆیان دەکرد بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن بەسەر دوژمنەکاندا وفەرز وسنوورەکانی خودا بپارێزن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3058

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee